# چاوم پڕ بووە لە تۆ

**هیوا قادر**



من لەوێ نیم
کەچی چاوم پڕ بووە لە تۆ،
من وەک دارتووییەک کە سنگی پڕە لە چۆلەکە
شپرزەم،
بۆ ئەوەی لەوێ بم
لەتاوا دڵی خۆم لەسەر شارە مێرووولەیەک دادەنێم،
بەئاوی خەونێک خۆم دەشۆم
کە تۆ خۆتت پێ شۆردووە،
من هێشتا لەوێ نیم
مادام تۆ بەتەنها لەوێیت.

من چاوم پڕەبووە لە تۆ
کەچی تۆ لێرە نیت،
لێرە نیت ببینیت کە کوێربووم،
من کوێربووم لە تاوی بینینی نەبینین،
من هاربووم لە داخی عاقڵی
تف لە تۆ عاقڵی تف لە تۆ
بۆ دەبێ تا ئەبەد وەردییەوانی دڵی خۆم بم
لەبەر تۆ.

بۆ ئەوەی لەوێ بم
سپێدان دەبێ وەک جۆگەلە بڕژێم،
چی لەرزینی چرا هەیە لە ئێوارەی دەرکەم،

شەوان وەک گوڵێکی سوور لەگەڵ کۆمەڵێک کەروێشکی سپیدا بچمە دەشت،
بۆ ئەوەی لەوێ بم
دەبێ لە تەمی سەر سنگی خۆمەوە بێمە دەرێ،
بەسەر ئاوبوونی خەیاڵی خۆمدا بڕۆم،
بە خۆڵەمێشەکەم خۆم سواغدەم،
لەشکرێک نازناز دوای خۆم خەم
تا خۆم تاڵانکەم بە گرتنی تۆ.

من لەوێم و لە چاوم تۆ دەڕژێی،
من لێرەم و چاوم پڕ بووە لە تۆ،
من نە لەوێم و
نە لێرەم و
نە لە هیچ جێ،
بەڵام تۆ هەم لێرەیت و هەم لەوێیت و هەم لە هەموو جێ.
گوناهی من نییە هەموو جێ لە ڕوانینما ئەخولقێ
بەڵام گوناهی تۆیە لە چاوتا من دەرئەکەی لەوێ.

تۆ پێم دەڵێی: لێرەنیت
تۆ لێرەنیت
کوا لێرەیت؟

من لەوێم!
چونکە پیریی من لەوێیە.
من لەوێم،
دڵی من هەمیشە بەسەر درەختەکانەوەیە،
ڕۆحم لە ناو ڕەنگی گوڵەکاندا دەسووتێ،
دەستم وەک کلکی ماسییەکانی حەوزە شینەکەی هەناسەم
دەلەرزێ،
من لەوێم!
چونکە منداڵیی من لەوێیە!

هەی موسیبەتم، من لەوێم.
من لەوێم